# الإسرائيليات

م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

باسی (الإسرائيليات) یەکێکە لەو باسانەی کە بەدرێژی باسی لێوە کراوە لە کتێبەکانی زانستەکانی قورئان وەلە کۆمەڵێك لە تەفسیرەکان. وە ئەم بابەتەش پەوەندییەکی زۆری هەیە بە باسی (چیرۆك لەقورئاندا). لەم ژمارەیەشدا ئەم بابەتە ڕوون دەکەینەوە لەڕوانگەی چەند خاڵێکەوە:

**یەکەم: پێناسەی (الإسرائيليات):**

(الإسرائيليات): ئەو هەواڵ و باسانەیە کە گێردراوەتەوە لە (بني إسرائيل)ەوە چی لە جولەکەکان – کەئەمەشیان زۆرینەی ئەو هەواڵانەیە – یان لەگاورەکانەوە. ئەوەی جێگای تێبینییە لێرەدا ئەوەیە کەئەم جۆرە باس و هەواڵانە گێردراوەتەوە لەلایەن ئەو گاورو جوولەکانەوە کەهاتوونەتە ناو ئایینی ئیسلامەوە، وەشایەتیان بەئیسلام هێناوە، هەروەکو دەرکەوت لە پێناسەکەوە زۆر لەو باسانە لەجولەکەکانەوە وەرگیراوە، لەبەر زۆر تێکەڵ بوونی موسڵمانان لەگەڵ جولەکەکان لەکاتی کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ شاری مەدینە.

هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ شتێکی زۆر کەمیان لە (الإسرائيليات) وەرگرتوە، بەڵام زۆر وەرگرتن ڕووی داوە لەسەردەمی (تابعی) یەکان بەدواوە لەکاتێکدا گاورو جولەکەی زۆر موسڵمان بوون.

**دووەم: پەیوەندی (الإسرائيليات) بە چیرۆکی قورئانی:** قورئانی پیرۆز زۆر چیرۆکی لەخۆگرتوە کە هەمان چیرۆك لە

(توراة) و (إنجيل) دا هـاتووه، بەتايبـەتی ئـەوەی کـە پـەيوەنی هەيـە بەچـيرۆکی پێغەمبـەران وهـەواڵی نەتـەوەکان، بـەڵام چيرۆکی قورئانی ئەوەنـدە لـەڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە خاڵی پەنـدو ئامۆژگارييـە بۆ خـەڵکان، وەمـەرج نييـە بـدویٚ لەسـەر هـــــەموو ووردکارييـــــەکی چــــيرۆك و ڕووداوەکان کە ئەگەر نەيـشزانرێت زيـانی نابێت، وەکـو مێـژووی ئـەو ڕووداوە، يـان شـــوێنی ئـــەو ڕووداوە، وەيـــان نـــاوی کەسەکان.

بـەڵام ئەگـەر بڕواندرايـە بـۆ (تـوراة) و (إنجيل) کە لەسەردەمی هـاتنی ئيـسلامدا هەبوون، تاوەکو ئێستا دەستی لیٚ نەدرايە بـەزيادو کـەم، ئـەوا دەبينـرا درێــژەی چـــيرۆکەکانی تێـــدابوو بـــەباس کردنـــی ڕوداوەکە لەگەڵ هەموو ووردکاری شوێنو کـاتو نـاوی کەسـەکان. جاکاتێـك گـاورو جولەکەکان بوونە موسڵمان هەسـتان ئـەو هەواڵ و چيرۆکانەی خۆيـان دەگێڕايـەوە، کاتێك چيرۆکی قورئان دەخوێننـەوە ئـەوا بۆی هەبوو هەنـدێك کـات هـەواڵی خۆيـان بـــاس بکردايـــە لەگـــەڵ ئـــەو چـــيرۆکە قورئانيانــەدا. بۆنموونــە: چــيرۆکی (آدم) ﷺ، ئەم چيرۆکە باس کراوە لـە(تـوراة)، هەروەکو چـۆن باسـيش کـراوە لـەقورئان لەچەندەها شوێن، لەهەمووی فراوانتر کـە بـاس کرابێــت لەســورەتی (البقـــــرة) و (الأعراف) دا هـاتووە، وەئەگـەر بـڕوانين لەئايەتـــەکانی ئـــەم دوو ســـورەتە ئـــەوا دەبيـنين کـە قورئـان نـەدواوە لـەبارەی شـــوێنی ئـــەو بەهەشـــتەی کـــە (آدم) و (حواء) ی تێدابوون، وە نەدواوە لەبارەی جـــۆری ئـــەو دارەی کەقەدەغـــە کـــرا لەســــــەريان، هـــــەروەها نـــــەدواوە چۆن(شەيتان) گەيشت بە (آدم)و (حواء)، وەنـەدواوە لـەبارەی ئـەو شـوێنەی سـەر زەوی، ناوی چی بـوو کـە(آدم) و (حـواء) دابەزێنران بۆی.... بـەڵام بـەتێڕوانينێکی خێرا بـۆ (تـوراة) دەبيـنين کەهـەموو ئـەم ووردکاريانــە بــاس کــراوەو بــەزيادەوە، ڕوونـــی کردۆتـــەوە کەبەهەشـــتەکە لـــە ڕۆژهــەڵاتی (عـدن) بـووە، وەدارەکـەش لەناوەڕاسـتی بەهەشـتدا بـووە، وە داری ژيان بـووەو داری ناسـينی چـاکەو خراپـە بووە، وەشەيتان لەڕێگای مارەوە هاتۆتـە ناو بەهەشت و خـودی مارەکـەش قـسەی لەگەڵ (حواء) کردووە بۆ خەڵەتاندنی.

**سێیەم: جۆرەکانی (الإسرائیلیات):**

زاناکانی ئیسلام ئەو هەواڵ و چیرۆکانەی کە لە (بني إسرائیل) دا هاتوون دەیانکەنە چوار بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەو هەواڵ و باسانەیە کە ئاینی ئیسلام پشت ڕاستی کردۆتەوە، وەشایەتی داوە بەدروستێتی. جا ئەم بەشەیان ڕاست وەرگیراوە، چونکە ئاینی ئیسلام بەڕاستی داناوە.

نموونەی ئەم جۆرەش زۆرە. لەوانە ئەو فەرموودەیەیە کە هەردوو ئیمامی (بوخاري) و (مسلم) دەیگێڕنەوە لە (عبداللەی کوڕی مسعود) (خوای لێ ڕازی بێت) کە دەفەرمووێت: زانایەك لەزاناکانی جولەکە هات بۆ لای پێغەمبەرﷺ ووتی: ئەی (محمد) ئێمە لە پەرتوکی خۆماندا دەبینین کە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا هەموو ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەکی خۆی[1] وە زەویش دەخاتە سەر پەنجەیەکی، وەدارەکان دەخاتە سەر پەنجەیەکی، وە ئاوو خۆڵ دەخاتە سەر پەنجەیەکی، وەدروستکراوەکانی دیکەش دەخاتە سەر پەنجەیەکی، وەپاشان دەڵێت: من تەنها خاوەندارو پێشەنگم. جابەهۆی قسەی ئەو زانا جولەکەیەوە پێغەمبەر ﷺ پێکەنی تاوەکو دانەکانی دەرکەوت، ئەمەش لەبەر بەڕاست زانینی قسەی ئەو زانایە[2]. لە پاشان پێغەمبەرﷺ ووتەی خودای خوێندەوە[3]: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ ﴿٦٧﴾﴾ [الزمر: ٦٧].

واتە: بێ باوەڕان بەڕاستی قەدری خودایان نەگرتووە. وەبەگەورەیان

(١) (بیروباوەڕی (ئەهلی سوننە) ئەوەیە کە بڕوایان بەوە هەیە کە خوای گەورە سیفەتی پەنجەی (أصبع) بۆخۆی جێگیر (إثبات) کردووە. هەربۆیە بڕوا بەم سیفەتەش دەهێنن، بەڵام بڕوایان وایە کەناشوبهێت بەپەنجەی دروستکراوەکان، وەتەنهاش خودا خۆی چونێتی و شێوازەکەی دەزانێت.

(٢) (بیدعەچییەکان لەبواری ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە هەڵدەسن و لادەدەن لە ناوەڕۆکی ئەم فەرموودەیە، وەدەڵێن، پێکەنینی پێغەمبەرﷺ بۆ ئینکاریو بەدرۆ خستنەوەی ئەو زانایە بووە، نەوەکو لەبەر بەڕاست زانینی، وە بۆ گاڵتەکردن بووە بە عەقلی ئەو جولەکەیە، بەڵام ئەگەر بڕوانین دەبینین (عبداللەی کوڕی مسعود) یەکێکە لەزاناکانی هاوەڵان دەڵێت پێکەنینی پێغەمبەر(ﷺ) پشت ڕاستکردنی قسەی ئەو جوولەکەیە بوو!.

(٣) (رواه البخاري: ١٥/١٤، الرقم: ٤٤٣٧، ومسلم ٣٧١/١٣، الرقم: ٤٩٩٣).

نەزانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا خودا هەموو زەوی دەخاتە ژێر چنگی خۆی، وەئاسمانەکان لوول دەدات بەدەستی ڕاستی خۆی(٤).

بەشی دووەم: ئەو هەواڵانەیە کەئیسلام بەناڕاستی داناوە، وەشایەتی داوە بەدرۆو ناڕاستێتی ئەو هەواڵانە. جا ئەم جۆرەیان ناحەقە. نموونەی ئەم جۆرەیان زۆرە، لەوانە ئەو فەرموودەیەیە کە هەردوو ئیمامی (بوخاري) و (مسلم) دەیگێڕنەوە لە (جابری کوڕی عبدالله) (خوای لێ ڕازی بێت)، کە دەفەرمێ: جولەکەکان دەیان ووت ئەگەر پیاو بڕوات بۆلای خێزانی خۆی لەشوێنی شەرعی خۆی، بەڵام لەدواوە بڕوات بۆ ئەو شوێنە ئەوا لەئەنجامی ئەو کارە ئەو منداڵەی دروست دەبێت چاوخێل دەبێت، جاخوای گەورە ئەم قسەیەی (واتە: چاوخێلی منالْ بەهۆی ئەوکارەوە) بە ناڕاست زانی و قسەی خۆی دابەزاند(٥):

﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ۝٢٢٣﴾ [البقرة: ٢٢٣] .

واتە: خێزانەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە، جابچن بۆلای خێزانتان لەو کێڵگەیەوە (لەشوێنی منداڵ بوون) بەچ شێوازێك وە لەچ ڕوپەکەوە.

بەشی سێیەم: ئەو هەواڵانەی کە عەقلی ڕاستەقینە قبوڵی ناکات. واتە: بەڵگەیەك نییە لەقورئان و فەرموودە ئەو هەواڵە بەدرۆ بخاتەوە، بەڵام عەقڵی ڕاستەقینەی زانایان قبوڵی ناکات بەڵکو بەرپەرچ دەدرێتەوە، هەروەکو هاتوە لەتەفسیری ئایەتی ﴿قٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ ۝١﴾ [ق: ١]، کە (ق) – قاف– یان شاخێکە دەوری زەوی داوە، وەکو ئەوەی وتراوە کە خۆر شێوازێکی هەبووە پاشان هەڵگێڕدراوەتە سەر وێنەی شاخێك.... هتد

بەشی چوارەم: ئەو هەواڵانەیە کەئیسلام نەدانی پێداناوە، وەنەبەدرۆی خستۆتەوە. واتە گەر ئەم هەواڵانە بەراورد بکەی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ئەوا دەقێك نابینیت ڕاستیان بکاتەوە وەیان بە ناڕاستی بزانێت بەڵام ئەم جۆرەشیان پێویستە لێی ڕابوەستین،

---

(٤) (دەستێکە شیاوە بەخودای مەزن، وەناشوبهێت بەدەستی دروستکراوەکان).

(٥) (رواه البخاري: ٤٧٧/١٣، الرقم: ٤١٦٤، ومسلم ٢٩٩/٧، الرقم: ٢٥٩٣).

بەجۆرێك نەبەڕاستی بزانین، وەنە بەدرۆی بخەینەوە، چونکە ئەگەر بەڕاستی بزانین لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵەکە ناڕاست بوو ئەوا بەناحەقێك بڕوامان کردووە، وەئەگەر بەدرۆی بزانین لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست بێت ئەوا شتێکی حەقمان بەدرۆ خستۆتەوە.

بەڵگەی حوکمی ئەم جۆرەش ئەو فەرمودەیەیە کە ئیمامی (بوخاری) دەیگێڕێتەوە لە (أبي هريره)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت) کەدەفەرمێ: جولەکەکان تەوراتیان دەخوێندەوە بەزمانی (عیبرانی)، بەلاّم بۆ موسڵمانەکانیان ڕوون دەکردەوە بەزمانی (عەرەبی)، جا پێغەمبەرﷺ بەموسڵمانانی فەرموو: (لاتصدقوا أهل الكتاب ولاتكذبوهم، وقولوا: ﴿آمنا بالله وماأُنزِل إلينا وما أنزل إليكم﴾[٦].

واتە: خاوەن کتێبەکان (گاورو جولەکە) بەڕاست مەزانن لەهەواڵ و باسەکانیان، وە بەدرۆیان مەخەنەوە، بەلاّم بڵێن: بڕوامان بەخوا هێناوە وەبەوەی لەسەر ئێمە دابەزیوە وەبەوەی لەسەر ئێوە دابەزیوە.

ئەم فەرموودەیەش بێگومان مەبەستی ئەو هەوالانەیە کەبەڵگەی شەرعی نەهاتووە لەسەر ڕاستێتی و ناڕاستێتی ئەو جۆرە هەوالانە، لەهەمان کاتیشدا لەو جۆرە نییە کە دەچێتە ژێر بەشی سێیەم، واتە دژی عەقڵی ڕاستەقینە بێت. نموونەش لەسەر ئەم بەشەیان گەلێك زۆرە، لەچیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف) لە قورئاندا ناوو شوێنی ڕوداوەکەی دیاری نەکراوە، هەروەها ناوی پاشای بێ باوەڕی ئەو سەردەمە، هەروەها ناوی بڕواداران کە هەڵهاتن بۆ ئەشکەوتەکە، هەروەها ناوی ئەو سەگەی کە لە چیرۆکەکەدا باسی لێوە کراوە، بەلاّم لە هەواڵی (الإسرائيليات) ئەمانە هەمووی هاتووە، نموونەیەکی دیکەش ناوی ئەودارەی کە خوای گەورە قەدەغەی کرد لەسەر (آدم) و (حواء) کە لە بەهەشتدا بیخۆن.... بەلاّم لێرەدا پێویستە ڕەچاوی دوو تێبینی بکرێت:

---

(٦) (رواه البخاري: ١٣/٤١٠، الرقم ٤١٢٥).

یەکـەم: دروسـتە هـەواڵ و چـیرۆکی ئـەم جۆرەیان (جـۆری چـوارەم) بگێڕدرێتـەوە لەناو موسـڵماناندا بـەڵام لێـرەدا مـەرجێك هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ترسی نەبێت لــەم گێڕانەوەیــە نــەوەکو موســڵمانان رووبکەنــە ئـەم جـۆرە هـەواڵ و باسـانە، وەپشت بکـەن لەخوێندنـەوەی قورئـان و فــەرموودەی (صــحیح)، وەیــان ئەگــەر خەڵکەکــە واتێگەیــشت کەئــەم جــۆرە هەواڵانە بەبێ گومـانو راسـتو دروسـتە. جا لەگەڵ ئەم مەترسیانەو هاوشـێوەکانی ئەوا دروست نییە ئەم جۆرە هەواڵانە باس بکرێت جاچـی لەنوسـراوەکان، وەیـان لـە راگەیاندنەکان، بەڵگەش لەسـەر دروسـتی گێڕانــەوەی ئــەم جۆرەیــان بەمــەرجی نەبوونی مەترسی، ووتەی پێغەمبـەرە ﷺ کە دەفەرمووێت: ( بلغواعني ولــو آيــة، وحدثوا عن بني إسرائيلَ ولاحَرَجَ....)[7]. واتە: ئایین لەمنەوە رابگەیـەنن بەخـەڵکی گەر یەك ئایـەتێك بێـت، وەبـاس و هـەواڵ بگێڕنــەوە لەنــەوەی (إســرائیل) ە، هــیچ گوناهێکیش لەم کارە لەسەرتان نییە.

تێبینــی دووەم: زۆربــەی هــەواڵ و باســی ئەم بەشەیان ئەو سودو قازانجەی نییە بۆ زانیاری بڕوای موسڵمانان، چونکە ئەگـەر تــۆ چــیرۆکی هــاوەڵانی ئەشــکەوتت (بۆنموونــە) وەرگـرت لـەرێگای قورئـان و فــەرموودە، وەبــە راڤەیــەکی دروســت و خاوێن، ئەوا سودێکی زۆری لێ وردەگری، وەپەندەکانی دەزانی، جا هیچ زەرەرێکت لێ نـادات ئەگـەر هەنـدێك لـە ووردکـاری و ناوەکــان نــەزانیت کــە لــە ئیــسلامدا نەهاتووە، تەنها لە هەواڵـە(الإسـرائيليات) ەکاندا هاتووە.....

بـەڵام لێـرەدا لـەدوای تێگەیـشتنی تـەواو لەخاڵــەکانی پێــشوو پرســیارێك دێتــە پێشەوە، ئـەویش ئەوەیـە: ئایـا دروسـتە هەواڵــەکانی (بنــي إســرائيل) لــەجۆری چوارەم بلکێنـدرێ بـەروون کردنەوەکـەی ئایەتــەکانی قورئانــەوە؟ بۆئــەم باســە دەچـینە سـەر خـاڵی چـوارەم و کۆتـایی باسەکەمان.

**چــوارەم: گێڕانــەوەی (الإســرائيليات) لەناو تەفسیرەکانی قورئان، وەکـو روون کردنەوە بۆئایەتەکان:**

(٧) (رواه البخاري: ١١/٢٧٧، الرقم: ٣٢٠٢).

زانـای پایەبـەرز (عبـدالرحمن الـسعدی) (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) دەفـەرمێ: بزانە کە زۆر لە موفەسیرەکان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، زۆر لەهەواڵەکانی (بنـی إسـرائیل) یـان بـاس کـردووە لـەناو تەفسیرەکانیان، وە ماناکانی ئایەتـەکانی قورئانیـان دابەزانـدووە لەسـەر ئـەو هەوالآنـە، وە ئـەو بـاس و هەوالآنـەیان کـردووە بـە ڕوونکەرەوەیـەك بـۆ کتێبـی خودا، ئـەم کارەشـیان کـردووە بـە پـشت بەسـتن بـە ووتـەی پێغەمبـەرﷺ کـە دەفەرمووێت:

(حدثوا عن بنی إسرائیل ولاحرج).

بەلاَم ئەوەی کەشیاوو دروستە ئەوەیە کە هەرچـەندە دروسـتە هەواڵـەکانیان بگێڕدرێتەوە بەجۆرێك پەیوەست نەکرێت بـە ئایەتـەکانی قورئانـەوە وە دانەبەزێنـدرێت لەسـەر قورئـانی پـیرۆز، بـەلاَم بـەهیچ جۆرێـك دروسـت نییـە ئـەو جـۆرە هەوالآنـە بکرێتـە ڕوونکـەرەوە بـۆ ووتەی خوا، چـونکە شـایەتی ڕاسـتی پـێ نەدراوە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کەپلـەی ئەو هەوالآنە بەجۆرێکە کـە پێغەمبـەرﷺ دەفەرمووێت: (لاتصدقوا أهـل الکتـاب ولاتکذبوهم). جـا ئەگـەر زانـدرا کـەحاڵی ئـەم جـۆرە هەوالآنـە گومـانی تێدایـە لەڕاسـتێتی، وەزانـدراش کـە بـەبێ هـیچ گومانێـك کـەقورئان پێویـستە بـڕوای پـێ بهێنـدرێت، ودڵنیـابین لەڕاسـتێتی ووشـەو ماناکـانی، جاکـەوابوو دروسـت نییـە ئـەو هـەواڵ و چـیرۆکانە کـەزۆر کـات گومـان دەبرێت کە زۆربـەیان ناڕاسـت بـن بکـرێن بـەواتای ووشـەکانی خـوا، وەهـەروەها دەری ببڕین کە گومان لەم مانایەدا نییـە، بـەلاَم بـەهۆی بـێ ئاگـابوون لـەم باسـە گرنگـە شـتی زۆر نادروسـت ڕوی دا....

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه أجمعین.

## سەرچاوەکان


١- تیسیر الکریم الرحمن

٢- التفسیروا المفسرون، د.محمد حسین الذهبی (رحمه الله).

٣- مباحث فی علوم القرآن

٤- شرح( أصول في التفسیر)، ابـن عثیمین (رحمه الله).

٥- شرح مقدمة في أصول التیفسیر، صالح آل الشیخ (رحمه الله).